# باچەرخێن

- کاوەیس ئەم (باچەرخێنە)ی ساز کردووە و کایەی پێ دەکا.
- بۆ سازکردنی ئەم (باچەرخێنە)، لاپەڕەیەک کاغەزی ڕەنگین و دارێک بە ئەستووراییی قەڵەمێک و، بزمارێکی وردتان پێویستە.
- بۆ سازکردنی ئەم باچەرخێنە پێویستە بە شێوەی خوارەوە هەنگاو بنێین:



ـ بۆ سازکردنی (باچەرخێن) ئەم کارانە دەکەین:

1- لاپەڕەیەکی چوارگۆشەمان پێویستە ، کە هەر چوار بەری بە یەک ئەندازە بێت.

2- چوار خەتی ڕاست لە هەر چوار گۆشەی لاپەڕەکە بە قەڵەم ڕەسم دەکەین.

3- بە مەقەست بەسەر ئەم چوار خەتە دا دەڕۆین و هەڵی دەپاچین.

4- بە شێوەی ڕەسمی ژمارە (4) ، چوارخاڵ لە ئەو شوێنانە دەکەین کە لە وێنەکە دا دیارە.

5- هەر یەک لە خاڵە زەردەکان دەکێشینە سەر ئەو خاڵە ڕەشەی کە لە نێوەڕاستی لاپەڕەکە دایە(خاڵە زەردەکان دەبێ بکەونە سەر یەکتر).

6- هەموو خاڵە زەردەکان پێکەوە کون دەکەین و بە بزمارێکی باریک لە دارەکەی دادەکوتین.





